**وەڵامی راپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بۆ ساڵی ٢٠١٨ تایبەت بە**

**((مافی مرۆڤ لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست))**

**ئۆفیسی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم**

**(لیژنەی وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان)**

**Updated 2021**

**پێشەکی:**

وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا راپۆرتی ساڵانەی خۆی سەبارەت بە رەوشی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ساڵی ٢٠١٨ بڵاوکردەوە و تێیدا ئاماژەی بە عێراق و هەرێمی کوردستانیش کردووە بەتایبەتی لە بواری ئازادی رۆژنامەوانی و رادەربڕین و مافەکانی ئافرەتان.

لەم راپۆرتەدا وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا چەندین تۆمەتی داوەتە پاڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک دەستبەسەرکردنی رۆژنامەنووسان و داخستنی ژمارەیەک دامەزراوە و رێکخراوی ناحکومی، هەروەها باسی لە خۆپیشاندانەکانی مامۆستایانی هەرێمی کوردستان دەکات، لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکەدا باس لە رەوشی ئافرەتان و بوونی توندوتیژی بەرامبەریان وەک کوشتن لەسەر شەرەف و بەشوودانی منداڵان، لە هەمان کاتدا داوا دەکات کە ئافرەت بەشداری زیاتری پێبکرێت لە پرسە سیاسییەکاندا وەک هەڵبژاردن و پێدانی دەرفەتی زیاتر بە کچان لە بواری پەروەردە و خوێندن.

ئەوەی تێبینی دەکرێت وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە راپۆرتەکەیدا پشتی بە چەند سەرچاوەیەک بەستووە بێ ئەوەی ئاماژەیان پێبکات کە تا چەند باوەڕپێکراون، وەک ئۆفیسی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتیەکان سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دوای بەدواداچوون لە بارەی رەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان و ئەو بابەتانەی کە لە راپۆرتەکەیدا وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و پەیوەندی کردن بە دامودەزگا پەیوەندیدارە حکومییەکان، راپۆرتێکمان سەبارەت بەو تێبینیانەی کە لەم رووەوە دەربارەی هەرێمی کوردستان خراونەتە روو ئامادەکردووە.

**ئازادی ڕادەربڕین و خۆپیشاندانەکان:**

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەتایبەتی لە دوای هێرشی تیرۆریستانی داعش، هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی بارودۆخێکی سەخت و قەیرانێکی ئابووری بۆوە کە کاریگەری لەسەر هەموو سێکتەرەکانی ژیان هەبوو، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانە حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند ڕێوشوێنێکی گرتە بەر لەوانەش پیادە کردنی سیستمی پاشەکەوتی مووچە، ئەمەش وایکرد کە بەشێک لە فەرمانبەران بەتایبەتی چینی مامۆستایان خۆپیشاندان ساز بکەن و داوای مافەکانیان بکەن، لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت بەم شێوەیە وەڵامی تێبینی و سەرنجەکانی ناو ڕاپۆرتەکە دەخەنەڕوو.

**وەزارەتی ناوخۆ (لایەنی پەیوەندیدار):**

**یاسای خۆپیشاندان  و یاسای رۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان:** لە  هەرێمی کوردستان یاسایەك هەیە بۆ  (رێکخستنی خۆپیشاندان) کە بە یاسای  ژمارە (١١)ی ساڵی (2010) ناسراوە، کە شێواز و کات و ئامانجی خۆپیشاندان بە وردی دیاری دەکات و رێک دەخات بە هەمان شێوە میدیاکانیش مافی رووماڵ کردنی خۆپیشاندان و رێپیوانی خەڵکی هەیە. بەپێی ئەم یاسایە هەموو هاووڵاتیان و ئەوانەی بەشێوەیەکی یاسایی لە هەرێمدا نیشتەجێن و پارتی سیاسی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و سەندیکا پیشەییەکان و یەکێتی و کۆمەڵە و رێکخستنی دیکە کە بەپێی یاسا مۆڵەتیان پێدراوە ئازادی رێکخستنی خۆپیشاندانیان هەیە دوای بەدەستهێنانی رەزامەندی و تێپەڕبوونی ماوەی یاسایی، هەروەها  هەڵگرتن یان لە خۆ بەستنی چەک لەلایەن خۆپیشاندەران بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە تەنانەت ئەگەر ئەو کەسەی بەشداری لە خۆپیشاندانەکەدا دەکات مۆڵەتی هەڵگرتن یان بەستنیان هەبێت، لە هەمان کاتدا نابێ هیچ ماددەیەکی تەقەمەنی یان ژەهراوی یان سووتێنەر لە کاتی خۆپیشاندانەکە لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە هەڵبگیرێت یان لە خۆ ببەسترێت.

ئەوانەی داوای خۆپیشاندانیان کردووە واتە لیژنەی رێکخەری خۆپیشاندان پێویستە ژمارەیان لە (٣) کەس کەمتر نەبێت و لە (٥) کەس زیاتر نەبێت و خاوەن شیانی یاسایی بن و بتوانن ئەرکی بەڕێوەبردنی و رێکخستنی خۆپیشاندان بگرنە ئەستۆ و واژۆ لەسەر داواکە بکەن  و مەبەست و رێگای رۆیشتن و کات و شوێنی خۆپیشاندانەکە دەستنیشان بکرێت. دوای وەرگرتنی رەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار خۆپیشاندانەکە ئەنجام دەدرێت، ئەگەر بە هەر هۆیەک بێت داواکاری ئەنجامدانی خۆپیشاندان رەتکرایەوە لەلایەن وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری ناوچەکە، ئەوا لیژنەی رێکخستنی خۆپیشاندان بۆی هەیە تانە لە بڕیاری رەتکردنەوە بدات لەلایەن دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە لە ماوەی (٣) رۆژ لە

مێژووی پێراگەیاندن و دادگاش پێویستە لە ماوەی (٤٨) کاتژمێر تانەکە یەکلایی بکاتەوە.

لە کاتی ئەنجامدانی خۆپیشاندانی بێ مۆڵەت دەزگا ئەمنییەکان بەپێی یاسای کارپێکراوەکان ڕێکاری یاسایی دەگرنە بەر لەوانەش بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندان بەبێ زیان گەیاندن بە خۆپیشاندەران و ڕێکاری مەدەنی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی هەموو لایەک، سەرۆکی یەکەی ئیداری بۆی هەیە پاش راوێژکردن لەگەڵ لیژنەکە بڵاوە بە خۆپیشاندانەکە بکەن ئەگەر خۆپیشاندانەکە لە ئامانجی خۆی دەرچوو یان کاتی دیاریکراوی خۆی بەزاند و دەزگاکانی پۆلیس بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکان ڕێکاری یاسایی دەرهەق بە سەرپێچیکاران دەگرنە بەر.

بەپێی یاسای خۆپیشاندانی هەرێمی کوردستان ئەرکی هێزە ئەمنییەکانە کە ئارامی و سەقامگیری و گیانی هاووڵاتیان و خۆپیشاندەران بپارێزن لە کاتی بەڕێوەچوونی خۆپیشاندان و ڕێگا گرتن لە هەر پشێوی و گێرەشێوێنییەک کە ببێتە هەڕەشەی لەسەر گیان و سەروماڵی هاووڵاتیان و دامودەزگاکانی حکومەتی و موڵکی گشتی. ئەمە لە کاتێکدایە کە هێزەکانی ئاسایش وەک ئەندامانی (الضبط القضائی) لەکاتی ڕوودانی پشێویدا مافی ڕاگرتنی  هاووڵاتیانی بەشدار بووی خۆپیشاندانیان هەیە تا ئەو کاتەی دۆسییەکەیان ڕەوانەی دادوەر دەکرێت.

لەلایەکی دیکەوە لە هەر حاڵەتێکدا ئەگەر دەزگاکانی پۆلیس سەرپێچییان کرد و هێزیان بەکارهێنا دژی خۆپیشاندەران، ئەوا ڕێکاری یاسایی دژیان دەگیرێتە بەر بەپێی یاسا کارپێکراوەکان، لە لایەکی دیکەوە حکومەت پابەندە بە قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتووان کە لە ئەنجامی کاردانەوەی دەزگاکانی پۆلیس لە سنووری ئەرکی راسپێرداوی خۆیان روویانداوە ئەمەش بەپێی بڕیارێك دەبێت کە لە دادگای تایبەتەوە دەرچووبێت.

بە سوود وەرگرتن لە یاسای خۆپیشاندان و ئەو ئازادییەی بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەم یاسایەدا دیاریکراوە  لە ساڵانی رابردوو بە دەیان خۆپیشاندانی

جیاجیا لە شاری هەولێر لەلایەن قوتابیان، خوێندکاران، ماموستایان، رۆژنامەنووسان، بەڵێندەران و چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا ئەنجامدراوە کە داوای مافی رەوای خۆیان کردووە و لە هیچ یەکێك لە خۆپیشاندانەکان توندوتیژی لێنەکەوتۆتەوە و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت ئەرکی خۆیان بەجێگەیاندووە لە پاراستنی خۆپیشاندانەکانیان.

**خۆپیشاندانەکانی ساڵی 2017:**

**بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر (لایەنی پەیوەندیدار):** لەم خۆپیشاندانانەدا هیچ دەزگایەکی راگەیاندن سکاڵای دژی لایەنە ئەمنییەکان بەرز نەکردۆتەوە کە تێیدا بە ئەنجامدانی توندوتیژی تۆمەتباریان بکات و هەر کاتێک دەزگایەکی راگەیاندن سکاڵایەکی هەبێت دژی لایەنە ئەمنییەکان ئەوا دەزگا پەیوەندیدارەکان رێوشوێنی یاسایی پێویست دەگرنە بەر دژی  ئەو کەسانەی کە پێشێلکاریان ئەنجامداوە، بەڵام چەند دەزگایەکی راگەیاندن خۆپیشاندەرانیان  هاندانی  بۆ ئەنجامدانی کاری توندوتیژی.

لە بنەڕەتدا خۆپیشاندانەکان بە ناوی داواکانی مامۆستایان ئەنجامدرا چەند لە لایەنێکی سیاسی هەوڵیانداوە سوود لە داوا رەواکانی خەڵک بەتایبەتی چینی مامۆستایان وەربگرن و خۆپیشاندانی مامۆستایان بە لاڕێدا ببەن بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان، هەرچەندە کەسانێکی گێرەشێوێن خۆیان خزاندبووە نێو خۆپیشاندەران بۆ ئیستفزاز کردنی لایەنە ئەمنییەکان بە جنێودان و قسەی ناشیرین، تەنانەت ژمارەیەک پەرلەمانتاری سەر بە چەند لایەنی سیاسی لە نێو خۆپیشاندەران ئامادەبوون و بە وشەی نەشیاو و هوتاف کێشان و بەرزکردنەوەی دروشمی هاندان بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی خۆیان وەک نوێنەری مامۆستایان ناساند یەکێک لەو خۆپیشاندەرانە بە ناوی (سەلیم شوشکەیی) کە ئەندامی

پەرلەمانی عێراقە لەسەر لیستی کۆمەڵی ئیسلامی دەمانچەی لێگیراوە، بۆیە هێزە ئەمنییەکان گازی فرمێسک ڕێژیان بەکارهێنا بۆ بڵاوکردنی خۆپیشاندەرانی ئاژاوەگێڕ کە ئەمەش لە چوارچێوەی ڕێوشوێنە یاساییەکانە و ڕێگای پێدراوە کە گازی فرمێسک رژێن لەکاتی درووست بوونی ئاژاوە بەکار بهێنرێت.

جگە لە پۆلیس خودی خۆپیشاندەران رازی نەبوون بەم ڕەفتارانە و ئاگاداریان کردبوونەوە کە پێویستە لە پەرلەمان بەرگری لە خەڵک بکەن بەتایبەتی بە دەرکردنی یاساکان، نەک لێرە هەوڵ بدەن نارەزایی خەڵک بۆ مەرامی سیاسی بقۆزنەوە. سەرەڕای ئەمەش دەزگا ئەمنییەکان بە شێوەیەکی ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵ کردوون بۆ ئەوەی خۆپیشاندانەکە لە مەبەستی سەرەکی خۆی دوورنەکەوێتەوە.

ژمارەیەک لە خۆپێشاندەران لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیرکران و درانە دادگا بە تۆمەتی ئەوەی کە کاری تێکدەرانەیان ئەنجامداوە و خوودی خۆپیشاندانەکەش مۆڵەتی یاسایی نەبووە، تەنانەت بەشێک لە خۆپیشاندەران هێرشیان کردە سەر کارمەندێکی پۆلیس و بە چەقو بریندار کرا بۆیە ئەم کارمەندە سکاڵای یاسایی لەسەر ئەو کەسە تۆمار کردووە، چونکە ئەو کەسەی کە هانی داوە بۆ لێدانی ئەو کارمەندەی پۆلیس سەر بە لایەنێکی سیاسی بووە و ئەوەی لێشیداوە سەر بە لایەنێکی سیاسی دیکە بووە و ئەوانیش ناسراون، هەروەها بە بەڵگە خۆپیشاندەران جۆرەها (مبرز جرمی)یان لە لابووە وەکو (چەقۆ/دامل بۆکس/دار لاستیک) و چەندین کارمەندی پۆلیسی چالاکیە مەدەنییەکان زامداربوونە، بۆیە بەپێی ماددەی (١٠) ی خۆپیشاندان دۆسیەیان لە دادگا کراوەتەوە و لێکۆڵینەوە لەگەڵدا کراوە دواتر ئازاد کران و بەڵێنیان لێ وەرگیرا کە لە کاتی خۆپیشاندان ئاژاوە دروست نەکەن و بەڵێننامەیان لێ وەرنەگیراوە کە بەشداری خۆپیشاندان نەکەن، لەلایەکی دیکەوە هیچ سکاڵایەک لەسەر هێزە

ئەمنییەکان تۆمار نەکراوە لەلایەن هیچ کەسێکەوە. لێرەدا هێزە ئەمنییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم ئامادەن بۆ لێکۆڵینەوە لە هەر پێشێلکارییەک کە بەرامبەر بە خۆپیشاندەران ئەنجامدرابێت.

هەندێک کەس بێ ئەوەی لە هیچ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی دیاریکراوبن لە ناو خۆپیشاندەران وێنەیان گرتووە، هەر بۆیە لەلایەن پۆلیسەوە دەستبەسەر کراون، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە زانراوە ڕۆژنامەنووسن هەر ئەوکات ئازاد کراون و کەلوپەلەکانیان پێدراوەتەوە لەوانە پەیامنێری کەناڵی پەیام کە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک لەلایەن پۆلیسەوە راگیراوە، چونکە هانی خۆپیشاندەرانی دەدا بۆ توندوتیژی و شیواندنی ڕەوشی خۆپیشاندانەکە، بەڵام دواتر ئازاد کرا. ئەوانەی بەناوی ڕۆژنامەنووسانەوە وێنەی خۆپیشاندانیان گرت هیچیان لۆگۆی کەناڵەکانیان دیار نەبووە لە کاتێکدا بەپێی یاسا دەبێت خۆیان ئاشکرا بکەن کە ڕۆژنامەنووسن بۆیە نەتوانرا جیا بکرێنەوە ئایا ئەوانە ڕۆژنامەنووسن یان خۆپیشاندەرن، بە شێوەیەکی گشتی  ئەو کەسانەی لەکاتی ئەنجامدانی توندوتیژی رووبەڕووی دەزگا ئەمنییەکان بوونەتەوە و بوونە هۆی تێکدانی موڵکی گشتی، دەستگیر کرابوون بەپێی یاسا هەر ئەو کات دوای تەواوبوونی خۆپیشاندانەکان ئازادکران.

<u>بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی (لایەنی پەیوەندیدار):</u> ئەو خۆپیشاندانانەی لە ماوەی نێوان 18 بۆ 23ی مانگی کانونی یەکەمی 2017 لە سلێمانی و دەوروبەری ئەنجامدران، یاسایی نەبوون، چونکە مۆڵەتی ئەنجامدانی وەرنەگیرابوو دواتریش بوونە هۆی نانەوەی ئاژاوە و پشێوی لە زۆربەی ئەو ناوچانەدا.

هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش، گیان و ماڵی هاووڵاتیان و خۆپیشاندەران دەپارێزن لە کاتی ئەنجامدانی خۆپیشاندانda، بەڵام لە خۆپیشاندانەکانی سلێمانی توندوتیژی لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە هاتە ئاراوە و زیانێکی ماددی زۆری لێکەوتەوە و سەرەڕای ئەمەش لایەنە ئەمنییەکان هاریکاربوون لەگەڵ خۆپیشاندەران و تەنها بۆ ماوەیەکی کورت چەند کەسێکیان راگرت ئەویش بۆ پاراستنی سەلامەتییان بوو تا هێوربونەوەی بارودۆخەکە.

لایەنە ئەمنییەکان هاریکار بوون سەرەڕای ئەوەی کە لە ئەنجامی ئەم خۆپیشاندانانەی پێشتر لە چەند ناوچەیەکی سلێمانی ئەنجامدرا بوون زەرەر و

زیانێکی زۆریان بە موڵکی گشتی و دامودەزگاکانی حکومەت گەیاندبوو لە ئەنجامی ئەو هێرشەی کرایە سەر ئەو دامودەزگایانە.

**خۆپیشاندانی مامۆستایانی سلێمانی و بایکۆت کردنی دەوام:**

لە هەندێک شوێن هاووڵاتیان وەک مافێکی رەوای خۆیان دەستیان بە خۆپیشاندان کرد بەتایبەتی مامۆستایانی سلێمانی زنجیرەیەک خۆپیشاندانیان ئەنجامدا کە ماوەی ٨٤ رۆژ بەردەوام بوو و مامۆستایانی سلێمانی، هەڵەبجە، گەرمیان و راپەڕین بایکۆتی دەوامیان کرد، هەرچەندە حکومەتی هەرێم بڕیاریدا بەخەرجکردنی بڕی 100 هەزار دینار بۆ مامۆستایانی ناوشارو 150 هەزار دینار بۆ مامۆستایانی دەرەوەی شار.

رۆژی 2017/11/19 گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان روویدا، چونکە مۆڵەتی رەسمی وەرگیراو بۆ خۆپیشاندانەکە لە کاتژمێر 9 تا 11 ی پێش نیوەڕۆ بوو، تا ئەو کاتەش خۆپیشاندان بە دروشم و گوتار بە ئاسایی بەڕێوەدەچوو، لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا مامۆستایان و دەستەی سەرپەرشتیاری خۆپیشاندانەکە کۆتاییان بە چالاکییەکانیان هێنا کە زۆربەی خۆی لە دابینکردنی مووچە و وەڵامدانەوەی داواکارییەکانیان بوو لەلایەن حکوومەتەوە و داوایان لە تەواوی خۆپیشاندەران کرد کۆتایی بە خۆپیشاندان بهێنن و بگەڕێنەوە سەر کاری خۆیان بەڵام بەشێك لەو کەسانەی کە هاتبوونە نێو خۆپیشاندانەکەوە مامۆستا نەبوون و زۆربەیان گەنج بوون رەتیان کردەوە کۆتایی بە خۆپیشاندان بهێنن و بە هوتاف کێشان بەرەو بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی دژ بە حکوومەت و حزبەکان رۆیشتن، هێزە ئەمنییەکانیش رووبەڕوویان بوونەوە و رێگریان کرد لە پێشڕەوی کردنی ئەو کەسانە، دوای سووربوونی ئەوان بە رۆیشتن

بەرەو ئەو بارەگایە، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە رووبەڕوویان بوونەوە و ژمارەیەکیان کە 20 کەس بونو دەستگیرکران.

دواتر مامۆستایانی ناڕازی رایانگەیاند، هەموو ئەندامە دەستگیرکراوەکانیان ئازادکراون و بە وتەی ئەو مامۆستایانە، ئاسایش هیچ داواکارییەکی دیاریکراوی لەوان نەبوە و هیچ ئەشکەنجەیەکیش نەدراون.

## میدیا و ئازادی رادەربڕین لە هەرێمی کوردستان:

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان(لایەنی پەیوەندیدار): لە هەرێمی کوردستان ئازادی رۆژنامەگەری و ڕادەربڕین بە پێی یاسا رێکخراوە و لە کاتی بوونی هەر حاڵەتێك کە دژ بە ڕێنماییەکانی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان و پێشێلکردن بێت یان بچێتە خانەی تەشهیر و ناوزڕاندن ئەوا کار بە یاسای سزادانی عێڕاقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969ی هەموارکراو دەکرێت، بۆیە پێویستە میدیاکارانیش نەبنە هۆی تێکدانی رەوشی ئارامی و زیانگەیاندن بە موڵکی گشتی و تایبەت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەرکاتێک رۆژنامەنووس یان دەزگایەکی میدیایی یاسا پێشێل بکات ئەوا راستەوخۆ لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە رێوشوێنیان بەرامبەر ناگیرێتە بەر، چونکە بەپێی یاسای ڕۆژنامەنووسی ژمارە (35)ی ساڵی (2007) تایبەت بە کاری رۆژنامەوانی ناکرێت هیچ رۆژنامەنووسێک دەستگیر بکرێت بەبێ بڕیاری دادگا و رەزامەندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

پێویستە دەزگاکانی راگەیاندنی و میدیاکانیش لەلایەن خۆیانەوە بە پێچەوانەی یاسا کار پێکراوەکانی هەرێمی کوردستان رەفتار نەکەن و رووماڵ کردنەکەیان بۆ رووداوەکان بۆ گەیاندنی راستییەکان بێت و داواکاری رەوای هاووڵاتیان بێت بە

حکومەتی هەرێمی کوردستان نەك کاریگەریی نەرێنیی هەبێت و ببێتە هۆی نانەوەی ئاژاوە. هیچ دەزگایەکی راگەیاندن سکاڵای دژی لایەنە ئەمنییەکان بەرز نەکردۆتەوە کە تێیدا بە ئەنجامدانی توندوتیژی تۆمەتباریان بکات و هەر کاتێک دەزگایەکی راگەیاندن سکاڵایەکی هەبێت دژی لایەنە ئەمنییەکان ئەوا دەزگا پەیوەندیدارەکان رێوشوێنی یاسایی پێویست دەگرنە بەر دژی  ئەو کەسانە کە پێشێلکاریان ئەنجامداوە، لەلایەکی دیکەوە هێزە ئەمنییەکان دەستیان بەسەر ژمارەیەک لە چەقۆدا گرت کە لەلای خۆپیشاندەران بوون تەنانەت کارمەندێکی پۆلیس بە چەقو هێرشی کراوەتە سەر و بریندار بووە، سەرەڕای ئەمەش دەزگا ئەمنییەکان بە شێوەیەکی ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵ کردوون بۆ ئەوەی خۆپیشاندانەکە لە مەبەستی سەرەکی خۆی دوورنەکەوێتەوە.

سەبارەت بە دەستگیر کردنی پەیامنێران لە کاتی رووماڵ کردنی خۆپیشاندانەکان هیچ رۆژنامەنووس و پەیامنێرێک دەستگیر نەکراوە پەیامنێری کەناڵی پەیام بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک لەلایەن پۆلیسەوە راگیراوە، چونکە هانی خۆپیشاندەرانی دەدا بۆ توندوتیژی و شێواندنی رەوشی خۆپیشاندانەکە بەڵام دواتر ئازاد کرا، هەروەها لە نێو خۆپیشاندەران ژمارەیەک پەرلەمانتاری سەر بە چەند لایەنی سیاسی لە نێو خۆپیشاندەران ئامادەبوون و بە و شەی نەشیاو و هوتاف کێشان و بەرزکردنەوەی دروشمی هاندان بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی هەوڵیاندا رێرەوی خۆپیشاندانەکە لە داواکردنی مافی رەوای مامۆستایان بۆ مەبەست و مەرامی سیاسی بقۆزنەوە.

<u>**رەوشی ژنان و ئافرەتان:**</u>

لە هەرێمی کوردستاندا ئافرەتان جێگە و پێگەیەکی تایبەتیان هەیە و چەندین یاسای تایبەت بە مافەکانی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان دەرچووە و کاریان

پێدەکرێت. لەم هەرێمەدا ئافرەتان رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دەرکردنی بڕیارەکان و لەسەر میلاکی وەزارەتەکان و رێکخراوە مەدەنیەکان بەشداری کارایان پێکراوە و چەندین پۆستی گرنگی وەکو کەسی یەکەمی هەندێک وەزارەت و دامودەزگای حکومیان پێدراوە، بەردەوام کارکراوە بۆ ئەوەی رێژەی رەگەزی مێینە لە کارکردندا زیاد بکرێت و بەشداریان پێبکرێت لە کار و بڕیارە گرنگەکاندا.

وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا گرنگی بە رەوشی ئافرەتان داوە و لەم رووەوە چەندین تێبینی و سەرنج و رێنمایی بۆ حکومەتی هەرێم دیاریکردووە، لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم سەبارەت بەم پرسە و ئەو تێبینی و سەرنجانەی لە بارەی هەرێمی کوردستانەوە خراونەتەروو بەو شێوەیە تێبینییەکانی خۆیان دەخەنە روو:

__ئەنجوومەنی باڵای خانمان (لایەنی پەیوەندیدار):__ بە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەر بۆ هەرێمی کوردستان و ئەو قەیرانە ئابوورییەی رووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتیش روو لە زیادبوونن وەک توندوتیژی خێزانی دژ بە ئافرەت، منداڵان، سواڵکردنی ئافرەتان و منداڵان و چەندین گرفتی دیکەی کۆمەڵایەتی.

__دەزگا تایبەتەکان بە پرسی ئافرەتان لە سەرەتای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم:__ زیاتر لە (١٥٠) رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی تایبەت بە ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان هەن و هەمووان بەپێی توانا کاردەکەن لەپێناو پاراستنی مافی ئافرەتان. هەربۆیە چەند شەڵتەرێک بۆ داڵدەدان وپاراستنی ژیانی ئەو ئافرەتانە کراوەتەوە کە هەرەشە لەسەر ژیانیان هەیە لە هەرێمی کوردستان، (4)ماڵی داڵدەی ژنانی هەڕەشە لێکراو هەیە لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، کەلار)، هەروەها دوو شەڵتەریش کە کەیسەکان تەنیا بۆ ماوەی (٧٢) کاتژمێر

وەردەگرن. ئەمانەش کۆمەڵێک لە دەزگا و دامەزراوە تایبەتییەکانی ئافرەتانن کە کار بۆ پاراستنی مافی ئافرەت و پارێزراوبوونی ژیانیان دەکەن.

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی.
- بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان.
- دەزگای یەکسانی : لە کابینەی چوارەم دامەزرا سەر بە دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بوو.
- نووسینگەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان و ئافرەتان.
- ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان.

**<u>وەزارەتی ناوخۆ (لایەنی پەیوەندیدار):</u>** بەرێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەردەوامە لە هەوڵی کەمکردنەوەی رێژەی توندوتیژی بە بڵاوکردنەوەی وشیاری، ئەنجامدانی خول و سمینار و وۆرك شۆپ، ناساندنی یاساکانی تایبەت بە ژنان، کردنەوەی نوسینگە و هۆبەی زیاتر لەو شوێنانەی کە پێویستن، هەروەها بەرێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بە پاڵپشتی وەزارەتی ناوخۆ بەردەوام لە پەیوەندیدایە لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە وکەمو کوڕیەکان و دابینکردنی پێداویستیەکان و دروستکردنی تیم مۆبایل بۆ بڵاوکردنەوەی وشیاری و بەدواداچوونی کەیسەکان لەو شوێنانەی کە نوسینگە و هۆبەی بەرێوەبەرایەتییەکەی لێ نییە.

**<u>بەرێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان (لایەنی پەیوەندیدار):</u>** بەرێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە (6) بەڕێوبەرایەتی و (28) نوسینگە و چەندین هۆبە پێکهاتووە کە ساڵانە زیاتر لە (9000) سکاڵا لە بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەکانی سەر بەم بەڕێوەبەرایەتییە تۆمار دەکرێت لە هەرێمی کوردستان.

**<u>یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ئافرەتان:</u>**

- یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (8) ی ساڵی (2011) لە هەرێمی کوردستان – عێراق.
- یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (111) ی ساڵی (1969) ی هەموارکراو بەکار لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

- یاسای شێوازەکانی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (23) ی ساڵی 1971) هەموارکراو.
- یاسای باری کەسێتی ژمارە (188) ی ساڵی (1959) هەموارکراو.
- یاسای ژمارە (15) ی ساڵی (2008) یاسای جێبەجێکردنی هەموارکردنی یاسای باری کەسی ژمارە (188) ی ساڵی (1959) هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان- عێراق
- یاسایی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن ژمارە (6) ی ساڵی (2008) لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- یاساکانی تری بەرکار لە هەرێمی کوردستان سەبارەت بەو حاڵەتانەی لە یاساکانی سەرەوە دەقی لەسەر نەهاتبێت.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی (**UN**) و کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ باشتر راپەراندنی کارەکان و زیاتر بە هانا چوونی کێشەکان لە نێو کەمپەکان (23) تیم مۆبایلیان پێکهێناوە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری خزمەت بە ئاوارە و پەناهەندەکان بکەن لە سەرجەم ئەو شار وشارۆچکانەی کە ئاوارە و پەناهەندەی تێدایە لە هەرێمی کوردستان، ساڵانە زیاتر لە (1500) کەیس تۆمار دەکرێت هەندێك لەو کەیسانە چارەسەر دەکرێت و هەندێکیان هەواڵە دەکرێت بۆ دادگا بۆ جێبەجێکردنی ڕێکارە یاساییەکان بۆ ئاوارە و پەناهەندەکان.

هەر لە چوارچێوەی کاری بەڕێوەبەرایەتی لەگەڵ (**UN**) و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕێگەی تیم مۆبایلەکانەوە ساڵانە چەندین سیمینار و وۆرك شۆپ و خول ئەنجام دەدرێت لە نێو کەمپەکان بۆ وشیارکردنەوە کە ساڵانە زیاتر لە دوازدە هەزارکەس لێی سوودمەند دەبن، بابەتەکانی سیمینارەکانیش جۆراوجۆرن وەك یاساکانی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق، یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن، سەرهەڵدان و قۆناخەکانی توندوتیژی خێزانی و ڕێنمایی دەروونی کێشەی خێزان و کاریگەری لەسەر خێزان و منداڵ ...هتد لەگەڵ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری یاسایی و دەروونی.

بۆ زیاتر خزمەتکردنی ئاوارە و پەناهەندەکان ساڵانە زیاتر (100) خول سیمینار و وۆرك شۆپ بۆ ئەفسەر و کارمەندانی تیم مۆبایلەکان ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە خزمەت و هاوکاری بگەیەننە قوربانیەکان و کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکرێت.

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی توندوتیژی (لایەنی پەیوەندیدار):** ئەنجامدانی چەندین سیمینار و وۆرك شۆپ لە قوتابخانە و زانکۆکانی کوردستان کە تێیدا زیاتر لە (27000) کەس سوودمەند بوون لە ساڵێکدا،

هەروەها  بۆ هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان لە توندوتیژی سێکسی و ناساندن چۆنیەتی خۆپاراستنیان لە کاتی رووبەرووبونەوە و هەڕەشەی توندوتیژی سیکسی زیاتر لە (6000) کتێب و نامیلکە و پۆستەر و پرۆشۆر بڵاوکراوتەوە لە بارەی (چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی سێکسی لە دژی منداڵان ،گێچەڵی سێکسی، توندوتیژی سێکسی لە دژی ئافرەتان)، بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی توندتوتیژی بە هەماهەنگی وەزارەتی ئەوقاف و پیاوانی  ئاینی  زیاتر لە (10) کۆبوونەوەی ئەنجامداوە  لەگەڵ زیاتر لە (1000) مامۆستای ئایینی بۆ هۆشیارکردنەوەی  خەڵك لە کاتی وتاری ئاینی لە مزگەوتەکاندا، هەروەها ئەنجامدانی چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ شۆفێرانی تەکسی و پاسەکان بۆ هەمان مەبەست.

**<u>ڕەوشی شەڵتەرەکان:</u>** زۆرێک لەو ئافرەتانەی کە ژیانیان مەترسی لەسەرە و رووبەرووی تووندوتیژی بوونەتەوە رەوانەی شەڵتەرەکان دەکرێن و داڵدە دەدرێن، بۆ ئەوەی بە تەواوی پارێزراوبن تا ئەو کاتەی مەترسی  لەسەر ژیانیان نامێنێت. لایەنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە رەوشی شەڵتەرەکان بەم شێوەیە دوان:

**<u>وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی( لایەنی پەیوەندیدار):</u>** بەپێی یاسای ژمارە(8)ی ساڵی 2011 (یاسای بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی) مامەڵە لەگەڵ هەموو جۆرە توندوتیژییەکی خێزانی دەکرێ بۆ پاراستنی ئەندامەکانی خێزان لە هەموو کارێکی نادروست و نەشیاو بە مەبەستی پاراستنی شیرازەی خێزان و لە ناویاندا ڕەگەزی مێینەو منداڵان، چونکە زۆربەی کاتەکان ئەم دوو چینە دەبنە قوربانی  ئاژاوە و توندوتیژییەکانی نێو خێزان.

لە ماددەی سێیەم لە بڕگەی  دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووە : (پێویستە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم شوێنی حەوانەوە بۆ قوربانیانی توندوتیژی خێزانی دابین بکەن)، لە بڕگەی سێیەمدا هاتووە: قوربانیانی توندوتیژی خێزانی هاوکاری تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە بۆ جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی ئەم بڕگەیە لە یاساکە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ڕێنمایی ژمارە (2) ساڵی (2014) بۆ دروست کردنی ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراوەدەرکرد،  بۆ ئەم مەبەستە لە هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان فەرمانگەی تایبەت دامەزرا بە ناوی ماڵی داڵدەدان (شەڵتەر)، کە ماڵێکی نهێنی پارێزراوە تایبەتە بۆ لە خۆگرتنی ژنانی هەڕەشە لێکراو، ئەو ژنانەی کە کێشەی کۆمەڵایەتییان هەیە بە مەبەستی پاراستن و بەدواداچوونی کێشەکانیان و پەرەپێدانی تواناکانیان تا کێشەکانیان بۆ چارەسەر دەبێت و دەگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگاو خێزان .

ئەم ماڵە (شەڵتەر) بە فەرمانی دادگای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی کەیس وەردەگرێ و وەزارەتی ناوخۆ ئەرکی پاراستنی  لە ئەستۆدایە، ئاستەنگ  هەیە لەم بەشە وەک کردنەوەی خولی تایبەت  بۆ فەرمانبەران لە بوارەکانی (یاسایی و کۆمەڵایەتی و دەروونی ئیداری)، هەروەها هەندێ جار دادوەر کەیسی وا رەوانەی شەڵتەرەکان دەکات کە لەگەڵ ناوەڕۆکی یاسای شەڵتەرەکان و ڕێنماییەکان ناگونجێ .

بۆ ئەم مەبەستە لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی (4) ماڵی داڵدەی ژنانی هەڕەشە لێکراو کراوەتەوە لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، کەلار) لە سێ پارێزگاکە هەمیشەییە، بەڵام لە شاری کەلار تەنیا بۆ ماوەی (٧٢) کاتژمێر کەیسەکان وەردەگرن ئەگەر لەو ماوەیەدا کە کێشەکە چارەسەر نەکرا ئەوا لەلایەن دادگاوە کەیسەکە دەنێردرێتە شاری سلێمانی .

**ئاماری شەڵتەرەکان بۆ ساڵی ( 2017 ) بەم شێوەیەیە:**

| شوێن | ژمارەی ئافرەت | ژمارەی منداڵ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| سلێمانی | لە کۆی (536) کەیس (200) کەیسیان چارەسەر کراوە | لە کۆی (٩٣) کەیس (50) یان لەگەڵ دایکیان گەڕاونەتەوە نێو خێزان | 336 کەیس ماوە |
| دهۆک | 251 | 63 | 314 |
| گەرمیان | لە کۆی (٣٢) کەیس (26) کەیسان چارەسەر کراوە، (6) کەیسیش چارەسەر نەکراوە . | 3 | 35 |

**<u>بەشداری ژنان لە بوارە جیاوازەکان و وەکو ڕێکخراوەکان و وەزارەتەکان:</u>** ئافرەتان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دەرکردنی بڕیارەکان و لەسەر میلاکی وەزارەتەکان و ڕێکخراوە مەدەنیەکاندا ئافرەت بەشداری کارای پێکراوە، هەروەها چەندین پۆستی گرنگی وەکو کەسی یەکەمی وەزارەتەکانیان پێدراوە. بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە چوارچێوەی بڕیاری (١٣٢٥)ی ئەنجومەنی ئاسایش چەندین کاری کردووە تا ڕێژەیی ڕەگەزی مێینە لە کارکردندا زیاد بکات و بەشداری پێ بکات لە کار و بڕیارە گرنگەکاندا.

هەوڵدراوە ئەفسەرانی ژنان و (ڕپ) ژنان لەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکان گرنگی زیاتریان پێ بدرێت لە بەش و هۆبەکان، بۆ نموونە بەڕێوەبەری گەرمیان ئافرەتێکە بە پلەی عقید دوو بەرپرسی نوسینگەش بەپلەی ڕائدن، ڕێژەی ژنان لەمیلاکی شارستانی (55 %) و لەمیلاکی سەربازی (28%) دەبێت. هەوڵی تەواویش دراوە بۆ پاراستنی ئەو ئافرەتانەی کە تووشی کێشە دەبنەوە و توانای گەڕانەوەیان نییە بۆ ماڵی خۆیان، دەنێردرێن بۆ شەڵتەرەکان لەوێدا پەنا دەدرێن پاشان ڕەوانەی دادگا دەکرێت بۆ ئەم مەبەستەش ئۆتۆمبێل و پاسەوانی تایبەتیان بۆ دابین دەکرێت.

**<u>نەهێشتنی بە زۆر بەشوودانی کچان:</u>** لە برگەی (٣)ی مادەی دووی یاسای ژمارە (٨ی ساڵی ٢٠١١ یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان باس لە بە زۆر بە شوودانی کچان کراوە وەک یەکێک لە تاوانەکانی خێزانی بەم شێوەیەیە " **العنف الاسري :** هەر کردارێک یان وتەیەک یان هەرەشەیان پێ لێبکرێت لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پەیوەندی خێزانیدا کە لەسەر بنەمای هاوسەرگیر

یان خزمایەتی تا پلەی چوارەم  بنیات نرابێ و ئەوانەی بەپێی یاسا هاتوونەتە ناو خێزانەوە ئەوشێ لە باری جەستەیی و جنسی و دەروونییەوە زیانیان پێ بگەیەنێ و ماف و ئازادییان لە دەست بدات .

هەروەها لە ماددەی (٢)ی هەمان یاسا بە زۆر بە شوودانی کچان بە کردەوەیەکی قەدەغە کراو دادەنرێت. "المادة الثانية:أولا : يحظر على اى شخص يرتبط بعلاقة اسرية ان يرتكب عنفاً اسرياً ومنه العنف البدني والجنسي والنفسي في اطار الاسرة. تعتبر الافعال الاتية على سبيل المثال عنفاً اسرياً:

- الاكراه في الزواج
- زواج الشغار وتزويج الصغير
- التزويج بدلاً عن الدية
- الطلاق بالاكراه
- قطع صلة الارحام
- اكراه الزوج للزوجة على البغاء وامتهان الدعارة
- ختان الاناث
- اجبار افراد الاسرة على ترك الوظيفة او العمل رغماً عنهم
- اجبار الاطفال على العمل و التسول وترك الدراسة.
- الانتحار اثر العنف الاسري
- الاجهاض اثر العنف الاسري
- ضرب افراد الاسرة والاطفال بأية حجة

الاهانة والسب وشتم الاهل وابداء النظرة الدونية تجاهها وايذائها و ممارسة الضغط النفسي عليها وانتهاك حقوقها والمعاشرة الزوجية بالاكراه. لە ماددەی (٧)ی هەمان یاسا سزای توندوتیژی خێزانی دیاریکراوە کە (بە زۆر بە شوودانی کچانیش دەگرێتەوە) بەم شێوەیە:"مع عدم الاخلال بأية عقوبة اشد تنص عليها القوانين النافذة في الاقليم: يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ستة اشهر ولاتزيد على ثلاث سنوات و بغرامة لاتقل عن مليون دينار ولاتزيد على خمسة ملايين دينار او باحدى هاتين العقوبتين كل من ارتكب عنفاً اسرياً.ايضا في المادة (٩) من قانون الاحوال الشخصية رقم (١٨٨) لسنة ١٩٥٩ المعدل بقانون رقم (١٥) لسنة ٢٠٠٨ في اقليم كوردستان/ العراق.

**المادة التاسعة:**

- لا يحق لأي من الأقارب أو الأغيار إكراه أي شخص، ذكراً كان أم أنثى على الزواج دون رضاه، ويعتبر عقد الزواج بالإكراه باطلاً، إذا لم يتم الدخول، كما لا يحق لأي من الأقارب أو الأغيار، منع من كان أهلاً للزواج، بموجب أحكام هذا القانون من الزواج.

- يعاقب من يخالف أحكام الفقرة(١) من هذه المادة، بالحبس مدة لا تزيد على ثلاثة سنوات، وبالغرامة أو بإحدى هاتين العقوبتين، إذا كان قريباً من الدرجة الأولى .أما إذا كان المخالف من غير هؤلاء، فتكون العقوبة السجن مدة لا تزيد على عشر سنوات،أو الحبس مدة لا تقل عن ثلاث سنوات.

**خشتەی میلاکی ڕەگەزی مێ لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم بە ژمارە:**

| ت | بەڕێوەبەرایەتییەکان | ئەفسەر | کارمەند | فەرمانبەری مەدەنی | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بارەگای گشتی پۆلیس | 1 | 13 | 1 | 15 |
| 2 | ب. لێکۆڵینەوە تاوان | 2 | 7 | 5 | 14 |
| 3 | ب. پۆلیسی دارستان و ژینگە | 0 | 18 | 0 | 18 |
| 4 | ب. پۆلیسی کارەبا | 0 | 42 | 0 | 42 |
| 5 | ب. پۆلیسی هەولێر | 11 | 188 | 0 | 199 |
| 6 | ب. پۆلیسی سلێمانی | 7 | 331 | 0 | 338 |
| 7 | ب. پۆلیسی دهۆک | 11 | 121 | 0 | 132 |
| 8 | ب. پۆلیسی هەڵەبجە | 0 | 7 | 0 | 7 |
| 9 | ب. پۆلیسی گەرمیان | 0 | 26 | 0 | 26 |
| 10 | ب. پۆلیسی سۆران | 6 | 24 | 0 | 30 |
| 11 | ب. پۆلیسی راپەرین | 0 | 12 | 0 | 12 |
| 12 | ب. بەرگری شارستانی هەولێر | 2 | 14 | 2 | 18 |
| 13 | ب.بەرگری شارستانی سلێمانی | 1 | 12 | 5 | 18 |
| 14 | ب. بەرگری شارستانی دهۆک | 3 | 5 | 0 | 8 |
| 15 | ب. بەرگری شارستانی هەڵەبجە | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 16 | ب. بەرگری شارستانی گەرمیان | 0 | 0 | 0 | 0 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 17 | ب. بەرگری شارستانی سۆران | 0 | 3 | 0 | 3 |
| 18 | ب. بەرگری شارستانی راپەرین | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 19 | ب. پۆلیسی مەشق و شیاندن | 0 | 2 | 0 | 2 |
| | کۆی گشتی | 44 | 825 | 13 | 882 |

**میلاکی دیوان و گشت فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بەپێی رەگەز:**

| ز | ناوی فەرمانگە | نێر | مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دیوانی وەزارەت | **142** | **61** | **203** |
| 2 | پارێزگای هەولێر/کارگێڕی گشتی | **467** | **222** | **689** |
| 3 | پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێەتی | **257** | **140** | **397** |
| 4 | پارێزگای دهۆک/کارگێڕی گشتی | **481** | **171** | **651** |
| 5 | پارێزگای دهۆک/ کارگێڕی خۆجێەتی | **222** | **97** | **319** |
| 6 | کاروبار ی ناوخۆی دهۆک | **8** | **6** | **14** |
| 7 | پارێزگای سلێمانی/کارگێڕی گشتی | **626** | **424** | **1050** |
| 8 | پارێزگای سلێمانی/کاروباری هونەری | **151** | **256** | **407** |
| 9 | ئیدارەی گەرمیان /کارگێڕی گشتی | **137** | **105** | **242** |
| 10 | ئیدارەی گەرمیان /کاروباری هونەری | **50** | **20** | **70** |
| 11 | ئیدارەی راپەرین/کارگێڕی گشتی | **117** | **72** | **190** |
| 12 | ئیدارەی راپەرین /کاروباری هونەری | **38** | **10** | **48** |
| 13 | ب. گشتی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان | **88** | **106** | **194** |
| 14 | ب. گشتی ناوخۆ | **17** | **15** | **32** |
| 15 | ب. گشتی پۆلیس | **24** | **13** | **37** |
| 16 | ب. گشتی هاتوچۆ | **53** | **38** | **91** |
| 17 | ب. گشتی رەگەزنامە | **551** | **347** | **898** |
| 18 | نووسینگەی کۆچ و کۆچبەران | **121** | **79** | **200** |
| 19 | دەستەی پشکنینی کارگێڕی | **14** | **7** | **21** |

**بواری پەروەردە:** حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی زۆرترین ڕێژەی کچان ڕوو لە خوێندن بکەن پلانێکی پەروەردەیی تۆکمەی داناوە لە ڕێگای هاندانی زیاتری کچان و کەسوکاریان و بێبەش نەبوونیان لە خوێندن، بەپێی ئەم پلانەی حکومەتی هەرێم چەند هەنگاوێکی گرنگی ناوە وەک:

- **پرۆژەی بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی نەخوێندەواری:** لەم پرۆژەیەدا قوتابخانە نەوجەوانان و بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە پاش ساڵی ١٩٩١ کرانەوە و ڕێژەی (٥٥،٤%)ی ئافرەت تێیدا بەشدار و سوودمەند بوون و تا ساڵی ٢٠٠٤ بەردەوام و ئەنجامێکی ئەرێنی بەدەستهێنا.
- **خوێندنی خێرا:** سیستمێکی نوێی وەزارەتی پەروەردە بوو لەدوای ساڵی (٢٠٠٤) بەتایبەتی بۆ ئەو قوتابیانەی لە خوێندن دابڕابوون بەهەر هۆیەک بێت و تەمەنیان گەورە بوو، لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٥-٢٠١٦) ژمارەی ئەو قوتابییە کچانەی لێی سوودمەندبوون گەیشتە (٢٥٠٦) کچ.
- **زیادکردنی باخچەی منداڵان:** ئێستا ژمارەی باخچەی منداڵان (٥١٧) باخچەیە و لە ساڵی (٢٠١٥-٢٠١٦) زیاتر لە (٦٠٩٩٦٦) کچ لێی سوودمەندبوون.

**زیادکردنی قوتابخانەی تایبەت بە کچان:**

| ساڵانی خوێندن | ژمارەی قوتابخانە |
|---|---|
| 2012-2011 | 357 |
| 2013-2012 | 548 |
| 2014-2013 | 563 |
| 2015-2014 | 575 |
| 2016-2015 | 636 |

**زیاد کردنی ڕێژەی کچان لە خوێندندا:**

| ساڵانی خوێندن | ڕێژەی کوڕ | ڕێژەی کچ |
|---|---|---|
| 1997-1996 | %56،70 | %43،20 |
| 1998-1997 | %55،70 | %44،20 |
| 1999-1998 | % 54،50 | % 45،40 |
| 2000-1999 | % 54،10 | % 456،80 |
| 2001-2000 | % 52،08 | % 47،92 |
| 2002-2001 | % 52،05 | % 47،94 |

**<u>خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:</u>** ئێستا لە هەرێمی کوردستان (١٤) زانکۆی حکومی هەیە، جگە لە دەیان زانکۆی دیکەی ئەهلی و پرۆفیشناڵی نێودەوڵەتی، لەم زانکۆیانەدا ڕێژەی قوتابیانی کچ هاوشێوەی قوتابییە کوڕەکانە، هەروەها سەرۆک بەش و راگری کۆلێژەکانیش ژمارەیەکی زۆریان ئافرەت بوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ز | زانکۆکان | سەرۆک بەش | راگر | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | زانکۆی سەلاحەددین | 8 | 1 | 9 |
| 2 | سلێمانی | 6 | 4 | 10 |
| 3 | دهۆک | 8 | 2 | 10 |
| 4 | کۆیە | 3 | 0 | 3 |
| 5 | هەولێری پزیشکی | 2 | 1 | 3 |
| 6 | سۆران | 2 | 0 | 2 |
| 7 | پۆلەتەکنیکی هەولێر | 18 | 1 | 19 |
| 8 | پۆلەتەکنیکی سلێمانی | 11 | 0 | 11 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 9 | پۆلەتەکنیکی دهۆک | 10 | 0 | 10 |
| 10 | گەرمیان | 0 | 0 | 0 |
| 11 | هەڵەبجە | 0 | 0 | 0 |
| 12 | زاخۆ | 1 | 0 | 1 |
| 13 | راپەرین | 3 | 1 | 4 |
| 14 | چەرمۆ | 1 | 0 | 1 |
| 15 | کۆی گشتی | 73 | 10 | 80 |

**ژمارەی قوتابیان و مامۆستایان و فەرمانبەرانی مێ لە ساڵی خوێندنی 2016-2017 :**

| ز | زانکۆ | قوتابی | مامۆستا | فەرمانبەر |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سەلاحەددین / هەولێر | 13490 | 811 | 1407 |
| 2 | سلێمانی | 12843 | 741 | 1147 |
| 3 | دهۆک | 9418 | 489 | 733 |
| 4 | کۆیە | 2475 | 96 | 71 |
| 5 | هەولێری پزیشکی | 2007 | 225 | 405 |
| 6 | سۆران | 1857 | 57 | 175 |
| 7 | تەکنیکی هەولێر | 5624 | 162 | 1126 |
| 8 | تەکنیکی سلێمانی | 7338 | 111 | 1304 |
| 9 | تەکنیکی دهۆک | 3085 | 43 | 590 |
| 10 | گەرمیان | 3302 | 53 | 302 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 11 | هەڵەبجە | 1129 | 14 | 193 |
| 12 | زاخۆ | 1711 | 111 | 74 |
| 13 | راپەرین | 2596 | 29 | 121 |
| 14 | جەرمۆ | 1224 | 30 | 66 |
| کۆ | | 68099 | 2972 | 7714 |

**بەشداری کردنی ئافرەتان لە بواری کارکردندا:** لە نێوان ساڵانی ١٩٩٢-٢٠٠٢ ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو هاتنە نێو بواری کارکردن و لە گشت روویەکەوە بەشدارییان هەبوو، پێشتر بواری کارکردنی ئافرەت زیاتر کەرتی حکومەت و فەرمانبەری بوو، بەڵام لە ئێستا لە گشت سێکتەرەکان بوونی بەرچاوی هەیە بەجۆرێک کە رێژەی بێکاریش لە نێو ئافرەتاندا روو لە کەم بوونەوەیە.

**بەشداری کردنی هێزی کار بە گشتی و رەگەزی مێ بەتایبەتی:**

| ساڵ | هێزی کار بە گشتی | هێزی کاری رەگەزی مێ |
|---|---|---|
| 2012 | % 38،4 | % 12،1 |
| 2013 | % 39،8 | % 12،7 |
| 2014 | % 39،5 | % 13،13 |
| 2015 | % 39 | % 14،78 |

**رێژەی ئافرەتان لە کەرتی حکومی و کەرتی تایبەت**

| ساڵ | کەرتی حکومی | کەرتی تایبەت |
|---|---|---|
| 2014 | % 79،39 | % 21 |
| 2015 | %76 | % 24،2 |

**ڕێژەی بێکاری لە نێو ڕەگەزی مێ**

| ساڵ | ڕێژەی بێکاری ڕەگەزی مێ |
|---|---|
| 2012 | % 22 |
| 2013 | % 17،8 |
| 2014 | % 19،63 |
| 2015 | % 29،44 |

**ڕەوشی منداڵان:** بۆ پاراستنی مافی منداڵانی کوردستان لە زۆر ڕووەوە خزمەتگوزاری پێشکەش بە منداڵانی کوردستان کراوە و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەم شێوەیەی خوارەوە باس لە کار و چالاکییەکانیان دەکات لەم بارەوە:

**یاسای پاراستنی مافی منداڵ:** سەبارەت بە (یاسای پاراستنی مافی منداڵ) ڕەشنووسی ئەم یاسایە پێش 4 ساڵ ئامادە کراو ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران کرا لە فەرمانگەی یاسایی لە ئەنجومەنی وەزیران ووردبینی کراوە. ئێستا گەڕێنراوەتەوە بۆ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و لەسەر چەند تێبینی یەك کە داوای ڕاو سەرنجی هەمان وەزارەت دەکەن، ئێستا لە بۆردی یاسایی وەزارەت بە هاوکاری ڕێکخراوی یونسیف دراسەتی دەکەن. پاش تەواو بوونی داڕاشتنی کۆتایی ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران ئەکرێتەوە. ئەو کات ئەبێ ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستان بکرێ بۆ دەرچوونی یاساکە. لەم کاتەدا وەزارەتمان لەگەڵ ڕێکخراوی یونسیف ڕەشنووسی سیاسەتی ستراتیژی پاراستنی مافی منداڵان داڕێژراوە پاش چەندێك ۆرك شۆپ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان ئامادە دەکرێ و ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێ بۆ بڕیاردان لەسەری.

- داڕشتنی ڕەشنوسی یاسای پاراستنی مافی منداڵان لە هەرێمی کوردستان، بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی یونسێف و وەزارەتەکانی (کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، پەروەردە، تەندروستی، ڕۆشنبیری و دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان و جیهانی) نوسراوەتەوە پاش ئەنجامدانی چەندین ووۆرك شۆپ و کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکان و لایەنە یاساییەکان ئەم یاسایە لە ساڵی(2013) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرا پاش پێداچوونەوە ئەنجوومەن تێبینیان لەسەر بەند و مادەکانی ڕەشنووسەکە هەبوو و لە کۆتایی ساڵی (2015) نێردرایەوە بۆ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ پێداچوونەوە ئێستاش لەلایەن بۆردی یاسایی دراسەت دەکرێ و پێداچوونەوەی بۆ دەکرێ.

- دارِشتنی سیاسەتی نیشتمانی پاراستنی منداڵ کە لە کۆتایی ساڵی (2014) واژۆی لەسەر کراوە بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی یونسێف و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی فیدراڵ، بەڵام تا ئێستا نەخراوەتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

- لە ڕۆژانی (3 ـ 5 / 5 / 2016) بە هاوکاری ڕێکخراوی یونسیف و ڕێکخراوی پەنابەران سەر بە یوئێن و ژمارەیەک ڕێکخراوی ناوخۆیی تایبەت بە منداڵان وۆرکشۆپێک کراوە بۆ دارِشتنی بەرنامەیەکی ستراتیجی بۆ پاراستنی منداڵانی بێ سەرپەرشت و ئەو منداڵانەی لە ئەنجامی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و لە ئەنجامی شەڕ ئاوارە دەبن و لە خێزانەکانیان دادەبڕێن ئامانجی وۆرکشۆپەکە دانانی بەرنامەیەکە بۆ پاراستنی منداڵان لە کاتی ڕووداوە نەخوازراو و قەیرانەکان.

- لە وەزارەتی کارو باری کۆمەڵایەتی (لێژنەی پاراستنی مافەکانی منداڵ) بە نوێنەرایەتی وەزارەتەکانی ( کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، تەندروستی، پەروەردە، ڕۆشنبیری و لاوان، داد، ئەوقاف، دەستەی مافی مرۆڤ، ڕێکخراوی یونسێف و ئەنجومەنی خانمان) دانراوە و بەدەوری کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدەدات، ماوەک لێژنەکە وەستا بوو، بەڵام لە ئێستادا کۆبوونەوەکانی دەست پێکردۆتەوە.

جگە لەو کار و چالاکیانە، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی چەند دامەزراوەیەکی هەیە کە کارو خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی پێشکەش دەکەن کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

- خانەی نەوجەوانانی کوڕان و کچان کە بە سیستەمی خانەکان (دور الدولة) ژمارە ( 5 لە ساڵی 1986 ) کاری لەسەر دەکرێ و ئەو منداڵانەی بێ سەرپەرشت و بێ نەوان و بە هۆی کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی لە خێزانەکانیان دابڕاون لەم خانانە سەرپەرشتی دەکرێن لە بوارەکانی ( پەروەردە و خوێندن، کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری) یەوە و شوێنی مانەوە یان بۆ دابینکراوە بەڵام ئەم دامەزراوە کۆمەڵایەتییە تەنها لە شارەکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆك ) هەیە.

- دابینکردنی خوێندن و ڕاهێنانەوەی جەستەیی و دەروونی بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە (نابیناو نابیست و کەم ئەندامی فیزیکی و بیرکۆڵ (ڕاهێنانەوەی مێشك) سەنتەری ئۆتیزم و لە هەر بوارێکدا بەرنامەو پرۆگرامی تایبەتی خۆی هەیە و مامۆستا و پسپۆری تایبەتی بۆ ئامادە کراوە.

- لە بەشی چاکسازی مێردمنداڵان، ئەو منداڵانەی تاوان ئەنجام دەدەن پاش بڕیاری دادگا بۆ بەسەر بردنی ماوەی سزاکەی لە چاکسازییەکان لە (هەولێرو سلێمانی و دهۆك ) لە چاکسازییەکان لە بوارەکانی خولی ڕاهێنان و فێرکردنی کاری دەستی و هونەری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و دەروونییان پێشکەش دەکرێ، هەروەها بە هاوکاری وەزارەتی پەروەردە دەتوانن خوێندنیان تەواو بکەن و بڕوانامەکانیان لە وەزارەتی پەروەردە پەسەند دەکرێ.

- پێدانی مووچەی کەم ئەندامان و چاودێری خێزان بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت و ئەوانەی بێ دایک و باوکن. هەرچەندە ئێستا پێدانی ئەم مووچەیە بۆ ماوەیەکە ڕاوەستاوە لەبەر بوونی کێشە لە لیستەکان بەڵام بڕیار وایە پاش پێداچوونەوە و پوخت کردنەوەی لیستەکان و لادانی کەسانی ناشایستە مووچەکانیان پێ ئەدرێتەوە.